هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنــی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان و کاروباری یاسایی

إقليم كوردستان / العراق
مـجـلـس القـضـاء
مديرية العلاقات و الشؤون القانونية

Judicial Council

ژمـارە : ٣ / ٨ / ١٦٦٣
ڕێکەوت : ١٦ / ٤ / ٢٧١٣ کوردی

Date :٢٠١٣ / ٧ / ٧

## بەیان

پشت بە حوكمی مادده /٨ لە یاسایی دەسەلاتی دادوەری ژمارە ٢٣/ ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**یەكەم/**

دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠١٣/٧/١٥ .

**دووەم /**

ئەو کێشانەی پەیوەندی بە کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن.

١. وەرگرتنی داوانامە ( **عريضة الدعوى** ) و گلدانەوەی یەدەگ ( **الحجز الاحتياطي** ) و پێڕاگەیاندنی یاسایی.
٢. ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە **٨٣**/ی ساڵی **١٩٦٩** دیاری کردوون.
٣. ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجکردنی بڕیاریك یا مامەلەیەکی تێدا دەکات.
٤. داوای میری بۆ مولك سەندنەوە ( **استملاك**) .
٥. ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەقە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.
٦. داوای مایە پوچ بوون ( **افلاس**) و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە.
٧. داوای هەلگرتنەوەی و لێك کرینەوە (**شفعه** ) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆلکردنی بە کرێدراو.
٨. داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و ڕێگەی جۆگە لە و سوولاوکە و هاتووچون( **حقوق السقى وا الجرى و المسيل والمرور** ) مافەکانی ارتفاق.
٩. داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیاو ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە.
١٠. داواکانی ڕاست کردنەوەی تەمەن ناو ناز ناو.
١١. ئەو داوایانەی فەرمانگەی رسمی یان نیمچە رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.
١٢. داواکردنی خەرجی بژێوی ( **نفقة** ) و دایەنی ( **حضانة**) و دیتنی مندال و ڕەچەلەك ( **نسب**).
١٣. داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی ( **اثبات الرشد**) .
١٤. داواکانی لادانی سەرکار ( **قيم**) و پێ سپێردراو ( **وصى**).
١٥. داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە.
١٦. ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلەی دانابێت.

هەرێمی کوردستان – هـ هەرێمی کوردستان – هەولیر – شەقامی ٦٠ مەتری ......(www.krjc.iq)...... E-mail:relation@krjc.iq
ژمارەی تەلەفۆن ٥٥ ٩٦ ٢٥٢ ٦٦ ٤٦٩+

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان وکاروباری یاسایی

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
مديرية العلاقات و الشؤون القانونية

Judicial Council

ژمارە : ٣ / ٨ / ١٦٦٦
ڕێکەوت : ٢٧١٣/ کوردی
Date : ٢٠١٣/ ٧ / ٧

**سێیەم/**

جگە لە و داوا و کێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو بەیانەی هاتوون ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببێنیت ئەگەر:

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب- هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن.

ج – داواکە گشتبووە قۆناغی کۆتایی.

**چوارەم/**

گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن.

أحمد عبدالله زبير
سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری

**وێنەیەك بۆ/**

- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بۆ بلاوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك / گەرمیان

بۆ ئاگاداری و پەیرەوە کردنی ناوەرۆکی ئەم بەیانە وە گشتاندنی بە سەر دادگاکانی سەر بە سەرۆکایەتیەکانتان.... لەگەڵ ڕێزدا.

- فەرمانگە سەرپەرشتیاری دادوەری لە هەولێر
- فەرمانگە سەرپەرشتیاری دادوەری لە سلێمانی

بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

- بەڕێوەبەرایەتی مەلبەندی ڕاگەیاندن لەم ئەنجومەنە بۆ بلاوکردنەوەی (بەیان) ی ئاماژە پێکراو لە ماڵپەری فەرمی ئەنجومەنی دادوەری ...لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت .
- دۆسیەی نووسراوە.دەرچووەکان .
- دۆسیەی خولاو.

هاوسەر